# مامڵێ، هونەرمەندێکی لەبیرنەچوو

## یادێک لە هونەرمەندی گەورەی کورد مامڵێ

به وردی نازانم لە کەنگێوە گوێم بە دەنگی مامڵێ ڕاهاتوە، هەروەك لە بیرم نیە کەیو لە چ هەلومەرجێکی ژیانمدا بۆ هەوەڵ جار دەنگی ئەو هونەرمەندە مەزنەم بیستوە. دیارە ئەوەش بۆ من کە ئێستا دەمەوێ وەك کەسێك کە ئۆگرو ئەوینداری دەنگی مامڵێیە، چەند دێڕێك لە سەر ئەو هونەرمەندە بنووسم، ئەوەندە گرینگ نیە. بەڵام ئەوەندە دەزانم کە من لە سەرو بەندی دە ـ دوازدە ساڵییەوە لەگەڵ دەنگی مامڵێ ئاشنام. ئەوەندەی بۆم ڕەخسابێ، سەرەتا لە ڕادیۆو گرامافۆنەوە ـ کە زۆر بە زەحمەت دەست دەکەوت ـو دواتریش لە تەلەویزیۆنو کاسێتی زەبتو ویدیۆوە گوێم لە گۆرانییەکانی گرتوەو لەگەڵ ئەو دەنگە خۆشە چوومە سەفەری خەیاڵ. ئەو دەنگە لەگەڵ بیرو هەستمدا تێکەڵاو بووە. زۆر جار بە بزە لێوەکانمی نەخشاندوەو کاتی واش بووە فرمێسکی لە چاوانم وەراندوە.

ئێستا کە وردتر دەبمەوەو بۆ دیاریکردنی سەرەتای ئاشنا بوون لەگەڵ ئەو نەوا خۆشو دڵبزوێنەدا چاو بە فیلمی ژیانمدا دەخشێنمەوە، زۆر بیرەوەریم لەو پێوەندییەدا وەك خەون دێنەوە بیر. دەبینم هەموو تەمەنی پێگەیشتوویی‌و لاوەتیم‌و بەشێکی زۆریش لە تەمەنی منداڵیم ئەو هاوڕێ وەفادارەم لەگەڵ بووەو کەمتر وا بووە بە جێم هێڵێ. دەڵێن بیری منداڵی تیژە. بێگومان هەر بۆیەش کاتێك دەگەمەوە سەردەمی منداڵی، دەبینم بیرەوەرییەکان ڕوونترو خەونەکان دیارترن. تەنیا وەك لە پێشدا گوتم خراپییەکەی ئەوەیە کە ساڵەکانو کاتەکانم بە وردی نایەنەوە بیرو بۆم دیاری ناکرێن.

بەهەرحاڵ بە پێی هەڵسەنگاندنی خۆم دەبێ ئەو بیرەوەرییانەم بگەنەوە دوا مانگی پاییزی ساڵی چل، یان چلو یەکی هەتاوی. ماڵمان لە دێی "دایماو" بوو، کە ئێستاش هێندێك لە براکانمو خزمەکانم هەر لەوێ نیشتەجێن. ئەو کات هێشتا وا باو نەبوو کە خەڵکی دێهات ڕادیۆیان هەبێ. دێیەکەمان کە نێزیك بە پەنجا ماڵ دەبوو تەنیا دوو ڕادیۆی تێدا بوو. شەوانە خەڵکێکی زۆر لەو دوو ماڵە کە ڕادیۆکانیان هەبوون، کۆ دەبوونەوەو هەموو بە ئاواتو ئارەزووەوە چاوەڕوانی بیستنی بەرنامەی کوردی دەبوون. ئەو کاتە ڕادیۆ بەغدا لە ڕۆژدا چەند سەعات بەرنامەی کوردیی هەبووو لە تارانیش بەرنامەیەك هەبوو. ماوەی بەرنامە کوردییەکەی تاران ـ وەك لە بیرم بێ ـ سەعاتێك بووو شەوانە بڵاو دەکرایەوە. دیارە بەرنامەکانی ڕادیۆ بەغداش زۆر خۆش بوون، بەڵام خەڵکەکە زۆرتر ئۆگری بەرنامەی ڕادیۆ تاران بوون کە هونەرمەندە خۆماڵییەکان گۆرانییان دەگوت. زۆر جار خەڵکەکە لە ژووری ماڵەکاندا جێیان نەدەبووەو لە سەر سەکۆی پێش پەنجەرەو لە سەر کەوشانیش کە بەشێوەی ئاسایی یان لە پێشخانە ـ ئەگەر دیوەکە پێشخانەی هەبا ـ و یا لە گۆشەی خوارەوەی دیوەکە دەبوون، دادەنیشتن. زۆرتر لای کەوشانو پێشخانە وەبەر ئێمەی منداڵ دەکەوتن. لە ترسی وەش کە نەکا وەدەرمان بنێن ڕازیو شوکرانە بژێر بووین. کە بەرنامە کوردییەکە دەستی پێ دەکرد، هەموو بێدەنگ دەبوون. بەتایبەت کاتێك گۆرانییەکی خۆش بڵاو دەکرایەوە، متەق لە دارو بەردی هاتبا، لە خەڵکی نێو ئەو ژوورەی نەدەهات. بیرەوەریی دووری ئەو شەوانە لە بیرو مێشکی مندا لەگەڵ دەنگی مامڵێو حەسەن زیرەكو سەید ئەسغەری کوردستانی تۆمار کراون.

لە بیرمە زۆرم ئارەزوو دەکرد کە لە ماڵە خۆمان ڕادیۆیەکمان هەبێو بتوانم جارێك لە پەنای دانیشمو گوێ بدەمە بەرنامەی کوردی. زۆری پێنەچوو ئەو ئاواتەم بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو وەدی هات. ئێوارەیەك لە سەر سەربانێك کە لە پێش ماڵی خۆمان هەڵ کەوتبوو، لەگەڵ چەند منداڵی دیکە کایەم دەکرد. بابم چەند ڕۆژ بوو چووبووە شاری مەهاباد. منیش کە چاوەڕوانیی هاتنەوەی بابم دەکرد، جار جار ئاوڕیکم وەلای ڕیگای شاری دەداوە. ئەو کات هێشتا گوندەکان ماشینی خەتیان نەبووو هاتو چۆ بە پیيانو بە سواری وڵاغ دەکرا. یەك ـ دوو جیپی ماڵە ئاغاکانیش هەبوون کە بۆخۆیان هاتو چۆیان پێ دەکردنو دیارە زۆر کەم خەڵکی دیکەیان سوار دەکرد. بابم وڵاغی سواری نەبردبووو بە پیيان لەگەڵ چەند جیرانان کە وڵاغییان پێبووو، قەولیان پێ دابوو لەو سەری کە گەرانەوە، شتەکانی بۆ هەڵ گرن، چوو بووو. ڕوون نەبوو کەنگێ دەتوانێ بگەرێتەوە. هەربۆیەش منیش زۆر دڵنیا نەبووم کە ئەو ڕۆژە بتوانێ بێتەوە. بەڵام لە پرچاوم بە بابمو شارچییەکان کەوت کە تازە لە سیلەی ڕیگا وەدەر کەوتبوونو وردە وردە دەهاتن بە غاردان چووم بۆ لای بابمو ماندوو نەبوونیم لی کرد. ئەو بەستەیەکی گەورەی بەدەستەوە بوو کە من پیم وابوو حاجەتو حوجەتی مالیی تێدایە. دیارە هەموو جارێ کە لە شار دەگەرایەوە شیرنیاتو غورابیشی بۆ ئیمە دینا. هەر بۆیە من چاویکم هەر لە لای بەستەکە بووو پیم خۆش بوو هەرچی زووتر بیکەینەوە، تا بە تامی خۆشی غورابو شیرنیات زارم شیرن کەم. کە گەیشتینەوە ژووری، بابم بە ئەسپایی بەستەکەی لە لای سەرووی ماڵی دانا. پاکەتی شیرنیاتاتیشی لە گیرفانی دەرێناو بە سەرمانیدا دابەش کرد. تێگەیشتم کە نەخیر ئەو بەستەیە شتیکی زۆر گرینگتر لە کەلوپەلی ماڵیو غورابیاتی تێدایە.

کاتیك بابم بە تەواوی حەساوەو بەستەی کردەوە ئای خودایە چەند خۆشحاڵ بووم. نەم دەتوانی باوەر بکەم. ڕادیۆیەکی "سیرا"ی جوان لە نیو بۆخچەکە هاتە دەرێ. لە خۆشیان زار بزاوتنم لی براو تامی شیرنیاتم لە بیر چۆوە. هەر ئەمن نا، هەموو خەلکی ماڵەکەمان بە سەر خۆشحالییەکی کەم وینەدا کەوتبوون، بەتایبەت لە بەر ئەوە کە بابم باسی ڕادیۆ کرینی هەر نەکردبوو.

ئەو یەك ـ دوو سەعاتەی بۆ دەست پێکردنی بەرنامەی کوردی مابوون، خۆیان لی دریژ دەکردمەوەو تەواو نەدەبوون. سەرەنجام کاتی پرۆگرامەکە هات. دوای هیندیك خەبەرو مەبەرو قسەو باس، ویژەری بەرنامەکە رای گەیاند کە ئەو جار کاتی بڵاو کردنەوەی چەند گۆرانییە.

"ئاخ من پەروانەم لە دوای خالت
سووتاوم بە ئیشقی جەمالت
کۆچی یارم کۆچی سوورە
بەهارە خێڵ بەرەو ژوورە
من ئاشقم شیتو شەیدا
بۆ سوورە گوڵ لەو باخەیدا
. . . . . . . . . . . .
. . . . . . . . . . . ."

ئەوە دەنگی مامڵی بوو کە لە فەزای بچووکی نیو مالی ئیمەدا دەلەرایەوە. ئەو دەنگە خۆشە هەستیکی تایبەتیو خەیاڵاوی لە مندا پیك هینا. ئیدی لەو کاتەوە بووم بە یەکیك لە ئەویندارانی دەنگی مامڵیو کاتیك لە مالی خۆمان لە دەوری یەکتر کۆ دەبووینەوەو گویمان دەدا بە بەرنامەی ڕادیۆ، چاوەروانی بیستنی گۆرانییەکانی دەبووم.

زۆری پێنەچوو ئیزگەی کوردیی ڕادیۆ کرماشان کرایەوە. ئەوەش بە بروای من روداویکی یەکجار گەورە بوو. ئەو جار بەرنامەی کوردی هەموو ڕۆژێ بۆ ماوەی سێ سەعات بڵاو دەکرایەوە. ئەو هونەرمەندە گەورانەی دەروازەی گۆرانیی کوردییان لە سەر شەپۆلی ڕادیۆ بە سەر خەلکی کوردستاندا کردەوە، بە سەدان هەوای گۆرانیی رەسەنی کوردییان تۆمار کردو زۆر لەو هەوایانەشیان لە مەترسیی لەبیر چوونەوەو لە نیو چوون رزگار کرد، وەك مامڵی، حەسەن زیرەك، خالەقیو . . . بەهۆی ئەو ڕادیۆیەوە بەردەوام میوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوونو دیاریی هونەریی خۆیان پیشکەش دەکردن. گۆرانییەکانی "هەوارە"، "کۆچی سوور"، "مریەم سابڵاغی"، "لە بەر نازی تۆ"، "لیم زیزە" و "گوڤەندە، زەماوەندە" لە ریزی ئەو گۆرانییانەی مامۆستا مامڵی دان، کە من ئەو کات لە ڕادیۆ کرماشانەوە گویم لیبوونو هیشتاش هەر کات لە سەر کاسیت لییان دەدەمەوە، هەر وەك یەکەم جار پیم خۆشن، پییان دەچمەوە ژوانی دەیان بیرەوەرییو هەستم پییان دەگەشیتەوە.

هەر لە سەرو بەندی منداڵییەوە بە دڵ ئارەزووم دەکرد، جاریك خاوەنی ئەو دەنگە خۆشە لە نیزیکەوە ببینم، بەڵام وەدیهاتنی ئەو ئارەزووەم دوور دەست بوو. بە بنەماڵەو ئاشنایەتی لیك نیزیك نەبووین. ئەو بە تەمەن بووو من لاو. ئەو لە شارو من لە دێ بوومو قەتیش هەلکەوتیکی وا نەدەهاتە پیش لە نیزیکەوە چاوم پیی بکەوێ. چەند جاریك لە نیو بازاری، لە شاری، لە دوورەوە دیبوومو کوتبوویان ئەوە مامڵییە، بەڵام بە قسەو بە دانیشتن نەم دیبوو. تا ئەوەی سالی ٦٠و لە کاتی پیشمەرگایەتیدا بۆ یەکەم جار لە دیی خۆمان "دایماو" لە مالی کاك مەلا سمایلی حاجی ئەو چاوپیکەوتنەم بۆ رەخسا. زۆرم پێخۆش بوو. هەر کاك مەلا سمایلو منو ئەو، سێ بە سێ چەند سەعاتیك دانیشتینو قسەمان کرد. بەراستی مامڵی رووخۆشو رەزاسووك بوو. لەپیشدا هیندیك بە تەقیەوە قسەم دەکرد. بەڵام هەر دوای چەند دەقیقەیەك وەك ئەوە وابوو کە لە میژ ساڵ بێ ئاشنای یەکتر بووبین. قسەمان کەمتر لە هونەر کردو زۆرتر سەبارەت بە هەلومەرجی ئەو دەمەی بزووتنەوەی کوردستان دواین. مرۆڤ زۆر زوو دەیتوانی هەست بەوە بکا کە مامڵی شەیدای ئەوینی کوردایەتییەو ئەو سۆزە تایبەتییە لە دەنگی سافو میرانەی ئەو دایە، بەشیکی هەرە گەورەی لەو ئاوینە بەرزو بەشکۆیەوە سەرچاوە دەگرێ.

دوای ئەو چاوپیکەوتنە هیوادار بووم زۆر جاری دیکەش بتوانم بیبینمەوەو قسەی لەگەڵ بکەمەوە. بەڵام بەهۆی ئەوەوە کە ناوچەکەمان کەوتە بەر پەلامار، هەلومەرجەکە گۆڕاو سەرەنجام من خۆشم لەو زیدە خۆشەویستەم دوور کەوتمەوە، تەنیا یەك جار دیکە توانیم بیبینمەوەو قسەی لەگەڵ بکەمەوە. ئەویش هەر پاییزی ئەو ساڵە بوو. مامڵی باغیکی چکۆلەی لە مەزرایەکی دایماوێ، کە کەوتبوە پەنا ماڵی "مەحمەشە"ی سەرێ، هەبوو. کۆمیتەی حیزب زەکاتی ساڵانەی لە خەڵك وەردەگرتو منیش ئەندامی کۆمیتە بووم. لە سەر بریاری کۆمیتە منو هاورێیەك بۆ زەکات وەرگرتن چووینە لای مامڵی. دەمانزانی ئەو لە باغییە. پایز بووو کاتی سیو رنینێ بوو. کە گەیشتینە نیو باغەکە، دیمەنیکی زۆر خۆشمان هاتە بەرچاو. دە ـ پازدە کریکاری کچی جحیلی لەبارو جوان سیویان بۆ مامڵی لیدەکردەوە. سمایل مامڵیش لەوێ بوو. کەیف سازو بەدەماغ. لەگەڵ کچان هەڵ دەسووراو بە دەم سیولی کردنەوەوە گۆرانی بۆ دەگوتن. مامڵی بۆخۆشی جار جار بە دەنگیکی نەرمو لەسەرەخۆ بەندیکی دەگەڵ دەگوت یان سەربەندەکەی بۆ رادەگرت. کچ بەو گۆرانییە خۆشانە وا گەرم داهاتبوون، ئەوەندەی بلیی یەكو دوو داریان دەرووتاندنەوەو کارتۆنیان لە سیوان پر دەکردن. مامڵی بە رووخۆشییەکی زۆرەوە وەری گرتین. لە سەر چیمەنێ، لە بەر سیبەری خۆشی دارەسیویك بەرەیەکیان بۆ راخستین. دانیشتینو دەستمان بە قسان کرد. سمایلیش هاتو تاویکمان لە لا دانیشت. مامڵی پیی گوت: "کورە سمایلە رەش! دەبێ ئەورۆ بەو حالو هەوا خۆشەو لە نیو ئەو کیژە جوانانە چاکی بلیی. بابم کێ هەلومەرجی وای بۆ گۆرانی گوتن بۆ هەڵدەکەوێ؟! ئەو ڕۆژە دوو ـ سێ سەعاتیك لە لای مامۆستا مامڵی ماینەوە. مەسەلەی زەکاتمان حەل کردو باسی سیاسەتو هونەرمان کرد. سێ ـ چوار گۆرانیی خۆشیشی بۆگوتین. یەکیکیان "یادی بەخیر" بوو کە ئەمن هەمیشە زۆرم پێخۆش بووە. بەراستی یادی ئەو ڕۆژەش بەخیر. ئیستاش زۆر جار کاتیك زەین دەدەمەوە دارەسیوان، یان چەند کەسیك دەبینم کە خەریکی سیو لیکردنەوەن، ئەو بیرەوەرییە خۆشەم دیتەوە بیرو بە یادی ئەو ڕۆژەو ئەو سەردەمە ئاخیکی سارد هەڵدەکیشم.

لە دوای کۆچی دوایی مامۆستا مامڵیوە تا ئیستا چەند جار بەرنامەی گەورەو ریكوپیکی تەلەویزیۆنی بۆ یادکردنەوە لەو هونەرمەندە گەورەیە لە کاناڵە کوردییەکاندا ریکخراون. زۆر وتار لە گوڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرانەوەو گەلیك هونەرمەندو نووسەر لەو بارەیەوە دواونو نووسیویانە. پیش مەرگی مامڵیو تەنانەت لەبیرمە پیش نەخۆشییە فەرامۆشییەکەشی ڕادیۆو گۆڤاری کوردی بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی هونەری مامڵیو ستایش لەو، بەرنامەو وتاریان بڵاو کردۆتەوە ـ بۆ وینە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئیران، سالی ١٩٨٩، واتە دە ساڵ پیش مەرگی مامڵی بەرنامەیەکی جوانی لە سەر گۆرانییەکانی بڵاو کردەوە ـ کە پیم شك نایە بۆ هونەرمەندی دیکە کرابێ. وەك لە بیرم بێ زۆربەی ئەو خاوەن هونەرو قەلەم بەدەستانەش کە باسی "مامڵی"یان کردوە، گوتوویانە کە لەو کاتو دەرفەتە کورتانەدا لیکدانەوەو هەڵسەنگاندنیکی تەواوو تیرو تەسەل سەبارەت بەو هونەرمەندە گەورەیە ناگونجێ، کەوابوو منی دەست کورتیش لەو چەند لاپەرەیەدا ناتوانم بلیم شتیکی گرینگم لە سەر هونەری مامڵی نووسیوە. لەراستییشدا من لیرەدا تەنیا لە هەستی خۆم دەرحەق بە هونەری مامڵی دواوم. دلنیام ئەو هونەرمەندە مەزنە لە ئایندەدا زۆر زیاتریشی لە سەر دەنووسرێو ستایشی لی دەکرێ. بەڵام پیم حەیفە لیرەدا ئەگەر زۆر بە کورتییش بێ، ئیشارە بە سێ تایبەتمەندیی گۆرانییەکانی مامڵی نەکەم کە پیم وایە رەمزی سەرکەوتنی دەنگو هونەری ئەویان تێدا شاردراوەتەوە.


یەکەم: نیوەرۆکی گۆرانییەکانی مامڵی مەندنو هەولی داوە شیعری ریكو پیك هەڵ بژیرێ. بۆ وینە زۆر ئاهەنگی خۆشو بە نیوبانگی لە سەر شیعرەکانی مامۆستایان: وەفایی، هەژار، هیمن، خالیدی حیسامی، سەید کامیل ئیمامیو . . . داناون کە مانای بەرزی ئەو شیعرانە لەگەڵ سۆزی دەنگی مامڵی بوونەتە هۆی ئەوە کە زۆر زوو ئەو گۆرانییانە بە دلی خەلکەوە نووساونو کەوتوونە سەر زارو زمانیان. نموونەی ئەو گۆرانییانە زۆرن، بەڵام ئەمن تەنیا ئیشارە بەو چەند گۆرانییە دەکەم: "لای لایە"، "پەیمان شکین"و "فەوزیە"و "من دەلیم". مامڵی تەنانەت کاتیك شیعری فولکلۆریی لە ئاهەنگەکانیدا جێ کردۆتەوە، ورد بوونەوەی تایبەت بەخۆی هەبووە. ئیمە دەزانین فولکلۆر گەلیك دەولەمەندە، بەڵام هەموو هۆنراوەیەکی فولکلۆری بە سەنگو وەزن نیە. مامڵی هەولی داوە ئەو هۆنراوانە بە کار بینێ کە قسەی سووكو جنیویان تێدا نیەو لە بەرامبەردا بە سەدان هۆنراوەی دریژو کورتی جوانو مەندی فولکلۆری بلیو زیندوویان راگرێ. بۆ نموونە سەرنج بدە ئەو شیعرە فولکلۆرییە جوانە کە مامڵی بە گۆرانیی "دەدێدا"دا بە کاری هیناوە: (مەبەستم شیوەی هەلبژاردنی مامڵییە، دەنا گۆرانیبیژی دیکەش ئەو چەشنە شیعرانەیان لە گۆرانییەکانی خۆیاندا گونجاندوە).

**لە کەندە قوولی سیلوێ تا دەگاتە خالداری**
**سویسنەو هەلالەو بەیبوون دەگەنە رکیفی سواری**
**چاو جوانێ شۆخو شەنگم دینیتە خوار پیشباری**

دووهەم: دەنگو هونەری مامڵی زۆر جار سەرەرای دژوار بوونی هەلومەرجو باسی سەر بوونی باسی سەربەستیو خۆشەویستیی نیشتمان، بە روونی هەستی خەباتگیریو نیشتمانپەرستیی ئەویان دەرخستوە. ئەوەش راستەو راست رەنگدانەوەی سۆزی دەروونو ئاواتو ئارەزووە نەتەوایەتییەکانی خەلکی کوردستان بووە. مامڵی چەند جار لە سەر ئەو چەشنە گۆرانییانە تووشی زیندانو چەرمەسەری بووەو بەڵام هەر نەیتوانیوە دەست هەڵگرێو لە قۆناخە جۆراوجۆرەکاندا ئەو چەشنە گۆرانییانەی گوتوە. بۆ وینە "لای لایە"و "ئەختەر"، "بەهاران خۆشە زمزیران"و . . . کە هەر کام لە هەلومەرجیکی تایبەتیدا گوتراونو دەوری بەرچاویان لە گەشاندنەوەی هەستی نەتەوایەتیدا هەبووە. کەوابوو گۆرانییەکانی مامڵی هەر بزوینەری هەستی ئەوینو بەیانی دەردی دووریو گریان لە هیجری دلبەر نەبوونو پەیامی گەورەتر، واتە هاواری خەباتو هەستی نەتەوایەتیشیان پێبووەو بەشیکی گەورەی جیگرتنو خۆشەویستییان لە دلی خەلکدا دەگەریتەوە سەر ئەو تایبەتمەندییە گرینگە.

سیهەم: بە بروای من ئەوە وەك شانازییەکی گەورە بۆ مامڵی دەمینیتەوە، کە ئەو چوارچیوەی تاولی هونەری خۆی لە سەر ئەستوندەکی رەسەنیو سەربەخۆیی راگرتو لە هیچ هەلومەرجو لە ژیر شوینەواری هیچ بارودۆخو بۆنەیەکدا دەنگی خۆی نەخستە خزمەتی پیهەلگوتن بە دەسەلاتدارانی سەردەمو دوژمنانی نەتەوەکەی. بۆ دلی خۆیو خەلکەکەی گۆرانی گوتو هەولیدا نیشاندەری هەستی دەروونیی وان بێ. چاوخشاندنیك بە سەرجەمی گۆرانییەکانیدا ئەو تایبەتمەندییەش بە روونی نیشان دەدا.

مامڵی بەهۆی دەنگی خۆش، هونەری بەرزو سۆزی نیشتمان ویستییەوە، چۆتە نیو دنیای هەرمانەوەو بۆ هەتا هەتایە لە نیو کورداندا دەمینیتەوە.


عوسمان ئیسماعیل زادە (ع. عاشق)